هەرکەسێک کوژراوێکی کوشتبێت کە بەڵگەی لەسەری هەبووبێت ئەوا پشکەکانی بۆ ئەو (بۆ بکوژەکە) دەبێت

لە ئەبی قەتادەی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بەرەو جەنگی حونەین -وباسی بەسەرهاتەکەی کرد-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی:«هەرکەسێک کوژراوێکی کوشتبێت کە بەڵگەی لەسەری هەبووبێت (لەسەر کوشتنی) ئەوا پشکەکانی (کوژراوەکە لە کافران) بۆ ئەو دەبێت (بۆ بکوژەکە دەبێت لە مسوڵمانان)» سێ جار ئەمەی فەرموو.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی حونەیندا فەرمووی: هەرکەسێک کوژراوێکی کوشتبێت لە کافرەکان کە شاهێد وبەڵگەی هەبێت لەسەر کوشتنی ئەوا پشکی ئەو کوژراوە بۆ بکوژەکەیە لە مسوڵمانان، واتا: هەموو جل وچەک وئاژەڵ وشتومەکی کوژراوەکە بۆ بکوژەکەیە، وئەبی قەتادە پیاوێکی کوشت، وبە ئەوانەی دەوروپشتی ووت: من پیاوێکم کوشت، وسوێندی خوارد لەسەر ئەو کەسەی کە بەمەی زانیووە (بەم کوشتنەی زانیووە وبینیوویەتی) کە شاهێدی بۆ بدات، ئەمەی سێ جار ووت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2998